# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد

ژمارە ٦ ٢٠٢٠/٦/٢٥ ڕۆژی پێنج شەمە




**چەند پرسیارێکی سادە**

**پافێڵ جەلال**

**لاپەرە ٣**

# سەروتار

## بزووتنەوەی گۆڕان و شاری کەرکوک

سالم محمەد

ئەوەی شاری کەرکوک جیا دەکاتەوە لەشارەکانی تری کوردستان ئەوەیە کە هەردەم ئەم شارە جێگای ململانێ توند بووە لە نیوان حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و جوڵانەوی ڕزگاریخوازی کوردبووە بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای منەوە ئەوە کە ئەم شارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە هەردوو حیزبی کوردی پارتی و یەکێتی تێدا باڵادەست بوون، لە جیاتی گەڕانەوەی بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان یاخود هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژیانی پێکەوی لە نێوان پێکهاتەکاندا ئەمان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا هەوڵی بەریەک کەوتنی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوکیان داوە لەسەر ئاستی گشتیش هەوڵیان داوە سەرجەم سەرمایەو داهات و نەوتی ئەم شارەیە بە تاڵانی ببن، ئەمە جگە لەوەی کە هەر کات بەرژەوەندیان لەوەدا بوبێت شارەکە بەجێ بەهێڵن شارەکەیان جێ هێشتووە، دواتر وتاری نەتەوەیان لە سلێمانی و هەولیرەوە بۆ خەلکەکە داوە ئەمە کورتەی تێروانیی هەردوو حیزبە بۆ کەرکوک، بەڵام خەلکی کەرکوک هەر بەردەوامە لە متمانە پێدانەوەی بەم حیزبانە و هەندێک کەسیش بە تانەوە دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان چی کردوە بۆ کەرکوک؟

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی گۆڕان دەسەڵاتدار نەبووە لە شارەکە تاوەکو ئەو کارو پرۆژە بکات بەلام وەک هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی شارەکە چی ماوە نەیکربێت بۆ ئەوەی هاوڵاتی ئەرک و مافی خۆی بزانێت و خۆی ڕزگاربکات لە دەست ئەم هێزە چەکدارانی کە دەوڵەمەندبوونی خۆیان لەسەر حسابی شارەکە بە نەتەوەی دەفرۆشنەوە، بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر چی بە قورسایەکی کەمیش بوونی هەبووبێت ناوچەکە ئەوا هەردەم نەبووە، بە بەشێک لە بەرنامەی دزینی سامانی شارەکە ، بەشێک نەبووە لەوەی کە هێزی بێگانە بهێنتە شارەکەوە و خەڵکەکەی ئاوارە بکات ، بزووتنەوەی گۆران بەرێزەوە لە ئالای کوردستانی ڕوانیوە، نەک وەک هەندێک کەس لە ژێر هەڵکردنی ئالای کوردستان لە شارەکە گەندەڵیەکانی بشارێتەوە و هەڵکردنی ئاڵاش بکاتە دەستکەوت بۆخۆی و بۆ جوڵاندنی هەستی خەڵکی شارەکە.

بزووتنەوەی گۆران لەگەڵ سەربەخۆی کوردستانە بە کەرکوکیشەوە بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆی بڕیاری ڕیفراندۆمی نەدا و نەچووە یاریەکی بێ بنەماوە بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە بکات بە قوربانی، خۆشی ڕابکات و دوای هێزی تر بکات بەبەرپرس لە شکست، گۆران پێکهاتووی تاکەکانی کۆمەلگایە هەربۆیە هەنگاوی یەکەم متمانەدان بە گۆران و هەنگاوی دووەم پەیرەوکردنی سیاسەتی ئاقڵانە لە لایەن ئەو کەسانەی خۆیان خەڵکی ناوچەکەن، بۆ ئەوەی خزمەتی شارەکەی خۆیان بکەن،بەڵام کاتێک کە زۆرینەی هاوڵاتی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٥ساڵ هەر دەنگی دەداتەوە یەکێتی و پارتی ئەوانیش هەتا دەوڵەمەند دەبن لەشارەکەن و پێویستیان نەما بەجێی دەهڵێن بزووتنەوەی گۆران چی بکات؟

# کۆمەڵێ پرسیاری سادە



پاڤێل جلال

ئێستا دەبینین و گوێمان لێ دەبێ هاوڵاتی ئاسای و تەنانەت نوخبەکانیش باسی کێشەکانی ئەم وڵاتە دەکەن.

زۆر بە سادەی پێش دروست بوونی گۆڕان تۆ دەتزانی کە:-
بندیوار بوونی هەیە.؟
دەتزانی خاڵە سنوریەکان داهاتی هەیە.؟
دەتزانی نەوت و سامانی سروشتی هەیە.؟
دەتزانی داهاتی ناوخۆ چیە.؟
دەتزانی پەرلەمان ڕۆڵی چیە و چۆنە.؟
دەتزانی حکومەت ئەرکی چیە.؟

زۆر پرسیاری سادەی کەش ، کە ڕەنگە چەن کەسێکی کەم پێش دروست بوونی گۆڕان ئەمانەی بزانیایە.

گۆڕان ١٠ ساڵ کاری لەسەر هۆشیار کردنەوەی تاک و گۆمەڵگا کرد.
وە تۆی هاوڵاتی ئاشنای دەیان گەندەڵی و دزی و ناعەدالەتی کرد.

گۆڕان چی بکات داعش بوونی هەبوو
گۆڕان چی بکات کۆرۆنا تەنگی بە ئابوری جیهان هەڵچنیوە
گۆڕان چی بکات ئەمەریکا و ئێران ، عێراقیان کردوە بە مەیدانی ڕووبەرو بونەوەی خۆیان
گۆڕان چی بکات پارتی دەستی تورکیا ئەگرێ
گۆڕان چی بکات یەکێتی لە باوەشی ئێراندایە.
گۆڕان چی بکات تۆ ٪٦٦ی کورسی پەرلەمانیت داوە بە یەکێتی و پارتی.؟
گۆڕان چیبکات تۆ بایکۆتی هەڵبژاردن کردوە.؟
گۆڕان چیبکات تۆ دوای بازرگانێکی سیاسی و کەسێکی پۆست پەرست کەوتی.

ئەوەی بە گۆڕان کراوە ئەوە بوو تۆی هاوڵاتی هۆشیار کاتەوە داوای مافەکانت بکات جا چی لە دەسەڵاتدا بوو بێ یاخود موعارەزە بووبێ.

نە پۆستی فەیسبوک نە هەشتەگاو نە کۆمێنتی جنێو ئاماز هیچ شتێک لەمانە ئەم دۆخە ناگۆڕێ

گۆڕانی ئەم دۆخە پێوسیتی بە ئیرادەی گۆڕانکاریە ، گۆڕان بەو مەرجە لە حکومەتدایە جا گەر ئەم گۆڕانکاریە نەکرا ، مانەوەی گۆڕان لەم دەسەڵاتدا دەیکاتە هاوبەشی خراپیەکانی ئەم کابینەیە.

تۆی هاوڵاتی ئەوەت بیرنەچێ کە نەوشیروان مستەفا فێری کردنی بڵێی نـا

# ئێوەی کۆیلە

سالم محمەد

لەم سەردەمی کۆرۆنایەدا کە جیهانی پێوە سەرقاڵبووە، لە کوردستانیش بە هەمان شێوە کاریگەری خۆی هەبووە و بەشێکی زۆری خەڵک بە شێوەیەکی کاتیش بێت کار و پیشەکانیان لە دەستداوە، فەرمانبەرانیش دواکەوتنی مووچەکانیان بەردەوامە کە دەرئەنجامی شکستی حوکومەتی هەرێمە لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا، ئەمەش وای کرد لە پاش زیاتر لە مانگێک لە قەدەغەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان بەشێک لە کاسبکاران و شۆفێران هاتنە سەرجادە بۆ داواکردنی مافەسەرەتایەکانیان، بەڵام ئەمەش بەدەر نەبوو، بەڵام ئەم ناڕەزایەتیانەی هەبوون بە دەرنەبوون لە ناردنی خەڵکی ماستاوچی و کۆیلە بۆ ناو خۆپیشاندانەکان لە و ڕێگایەوە و بە مەبەست کۆیلە یەکی عەیارە بیست و جوار کەوتە جێنودان بە پارێزگاری سلێمانی (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر)ە و لە پشکی گۆڕانە، کۆیلە و بندیوار و ماستاوچیەکانی حیزب جێنو بە گۆران و پارێزگارەکەی دەدەن کە شەو ڕۆژی خستۆتە سەریەک بۆ شارەکەی بەدەست پاکی و داوێن پاکی چونکە هێزێکی مەدەنیە و خەبات لە پیناو بەسیستەم کردنی حوکومرانی هەرێم دەکات بەڵام تۆی کۆیلە جنێو بە پارێزگارەکەی دەدەیت.

تۆ و جنێو فرۆشەکانی کۆمەڵگا گەر ڕاستگۆن و کۆیلە نین بۆ جوڵە و دەنگی ناڕەزایەتان نەبووە دژی ئەوانەی هەموو سامانی ئێوەیان بردوە، کەرامەتی زۆرینەی خەڵکیان روشاندوە.

ئێوەی کۆیلە بۆچی هەڵوسێتان نیە بەرامبەر بەوەی لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژردنەکان دەنگت تەزویرکراو ئیرادەت لێ سەنرایەوە و غیرەتان نەبوو قسە بکەن.

ئێوەی کۆیلە لە ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٧ هەرچی کورد کوژی هەیە بەرچاوەتەوە ڕویدا بۆچی جورئەتی ئەوتان نەبوو داوای ژیانێکی باشتر بکەن؟ یان خۆشتان سەماتان بۆ ئەکردن.

ئێوەی کۆیلە پارتی لە ٣١ ئابی ١٩٩٦ تەنها (٨) ساڵ دوای ئەنفال کە کچ و ژنی کوردی تێدا ئەتکراو سەدانیان لێ فرۆشتن سوپاکەی سەدامی لەگەڵ خۆی هێنا و نیشتمانەکەتی دووبارە لاقەکردوە لە کوێ بوون؟ کوا هەڵوێست و زمانی درێژتان یان لەبەردەمیاندا سەماتان دەکرد ئاڵای زەردتان بادەدا؟

ئێوەی کۆیلە (٤٠) شەو دواتر یەکێتی هێزەکانی ئێرانی هێنا و لەجیاتی هەڵوێست ئینجا ئاڵای سەوزت بادەدا و سەماتان دەکرد؟ درێژەی وتار لە لاپەرە ٥ دا

## درێژەی وتاری لاپەرە ٤

ئێوەی کۆیلە و بندیواری حیزب بەرچاوتانەوە چەندین ڕۆژنامەنووسی ئەم وڵاتە کە هاو نەتەوە و هاودینی ئێوەن شەڕیان دەکرد لە پێناو مافی ئێوە کەلە سەری خاڵی لە ئەقڵ بە بەرچاوەتەوە کوژران بەدەستی حیزب چیتان کرد هەڵوێستان هەبوو یان سەرتان داخست و نەوی کرد و خۆتان کەڕوڵاڵ کرد؟

ئێوەی کۆیلە کە بەرچاوتانە و ڕۆژنانە هەزاران بەرمیل نەوت دەڕوا بۆ وڵاتانی تر و خۆشتان زستان دەگرین بۆ بەرمیلێک نەوت کوا هەڵوێستان و زمانی درێژتان بۆ دواکردنی مافەکانتان ئەی بڕیار نەبوو حیزبتان نەوت بکاتە چرای خۆشگوزەرانی؟

ئێوەی کۆیلە بەرچاوتانەوە شار پرە لەمەساج و یانەی شەوانە و باڕ و کافتریای بەناو گەنجان کچ و کورەکانتانی تێدا لەدەست دەدەن لە جیاتی هەڵوێست وەرگرتن چیتان کرد؟ دیسانەوە سەرتان نەوی کردوە و چاوتان داخست لە پێناو بڕێک مووچە یان ئافەرینێک یان دەست خۆشیەک؟

ئێوەی کۆیلە بەرچاوتانەوە بە ناوی هونەرەوە دەسەڵاتی کوردی جارێک فیلم و دراما دەردەکات و سوکایەتی بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوان دەکات و بە کەسی کەمی ناو کۆمەڵگا هەژماریان دەکات و کارەکتەرێکتان بۆ دەهێنیتە ناو دراماکەوە سوکایەتیان پێ دەکات و تۆش لە ئاست سوکایەتی کردن بە هاوخوێن و هاوزمان و نەتەوەکەت دانیشتوون و قاقا پێ ئەکەنن یان دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکەنەوە؟

برینەکانی جەستەی ئێوەی کۆیلە و ماستاوچی بەردەرگای حیزب و شەخسەکان زۆرن و دەتوانم خوێی زیاتری پێوەبکەم و ئازارتان بدەم، بەڵام لەو پارێزگاری شاری سلێمانی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە فێربووم کە هەرچیم نوسی و هەرچیم کرد بە جۆرێک لە ئەخلاقەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی جیاواز بین لە ئیوەی کۆیلە، ئەو دێڕانەی سەرەوە بخوێنەوە بزانن هەڤاڵ ئەبوبەکر و گۆران کێن و دەیانەوێت چێتان بۆ بکەن و چۆن ئێوە ببن بە مرۆڤ و شەربکەن لە پێناو مافەکانتاندا و ئێوەش چین و چیدەکەن لە کۆمەڵگادا.

**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بەمەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com

